# گرِدار مێژووی شۆڕش و نەتەوەیەك

خوێندنەوەی: نەجات ڕۆستی
najatrosty@yahoo.com



گەلانی دونیا شانازی بە ڕابردووی خۆیانەوە دەکەن، چ جای ئەو ڕابردووەی کە لێوانلێو لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەیەك کە ساڵەهای ساڵە لە ژێر چەپۆکی دوژمناندا ناڵەناڵی بوو، ئەو گیانلەسەردەستانەی کە لە ڕۆژە سەختەکانی ژیانیان هەمیشە بوونەتە کێوێکی سەختو بەرگریان لە خاكو نەتەوەیەك کردووەو ڕابردوویەکی پڕ لە سەروەریان هەبووە، هەرگیز چۆکیان دانەداوە لە ئاست دوژمنان، گەورەترین مێژوویان بۆ نەتەوەیەك تۆمار کردووە، هەموو تاکێکی کوردی شانازیان پێوە کردووەو دەیکات، دیارە ئەو کەسانە کەم نینو بە سەدانو هەزاران ئێستاش لە ژیاندا ماون، زۆرێکیش لەو ڕێگایە گیانیان بەخشیو بوونەتە مەشخەڵی شۆڕشێکی بەردەوام کە ئێستای ئەو ئازادییەی لێکەوتۆتەوە.

ئەگەر بە مێژ ووداا بچینەوە سەدان داستانی قارەمانێتیمان بەبیر دێنەوە، زۆرێکیش لە ئێمە تەمەننای ئەوەمان دەکرد کە شەرەفی بەشداریمان پێبڕابوایەو لەو سەردەمەدا لەگەڵ یەکتر بژیاینایە... ئەگەر بەوردی بابەتەکانی نێو کتێبە ناوازەکەی ڕۆژنامەنوس (ڕەهبەر سەید برایم) بخوێنینەوە هەموو ڕووداوەکانی ئەویّ ڕۆژێمان وەك فیلمێکی چەند ئەڵقەیی دێتەوەیاد، لەلای هەریەکێکیشمان چەندین بیرەوەریو ڕۆژی شیرینمان دێتەوەیاد، ئەو ڕۆژانەی کە بە تاسە گوێڕایەڵی هەواڵێکی سەرکەوتن لێرەو لەوێ دەبووین، هەرچەندە لەگەڵ خوێندنەوە (گرِدار)دا ئەو ڕۆژانەمان بەبیردەهێنێتەوە کە ئێستایان وەها دروست کرد، یادی ئەو هەموو کەڵە پیاوانەشمان دێتەوەبیر کە ڕۆژانێك لە بڵندگۆ هەرەبەرزەکەی ڕادیۆی گەلی کوردستان ناوەکانمان دەبیستن، هەمیشە وەك پشتیوانی چینە چەوساوەکانی کوردستان ببونە چرایەكو ڕووناکیان بەدڵی دایکی هەموو ئەو شەهیدانە دەدا کە ڕۆڵەکانیان لە ماڵەوە چوونە دەرەوە بۆ هێنانەوەی مژدەی سەرکەوتنو

نەگەڕانەوە، دوایی بە خوێنی گەشی ئەوان گوڵی سەربەستی نەتەوەیەکی (40) چل میلیۆن مرۆڤ پێشکەوتوو هەڤاڵەکانی ئەوان ئەو مژدەیان بە ئێمە دەدا. لەناو لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا مژدەی بەهارێکی تازە لە ژیانی گەلێکی ژێردەستەی زیاتر لە دوو سەدە بە جیهان ڕاگەیاند.
هەق وایە بیرەوەرییەکانی ناو ئەم کتێبە هەریەکێك لە ئێمە بۆ نەوەکامان بگێڕینەوە بۆ ئەوەی ئاشنایان بکەین بەو هەموو خەباتە سەختەی کە لەو سەردەمەدا کراوە بۆ ئەوەی لەو ڕاستییە بگەین کە ئەو ئازادییەی کە ئێستا هەیە بە ئاسانی نەهاتۆتەدی...
ئەو ڕووداوانەی لەنێو ئەم کتێبەدان، وەکو ئەو درامایە وایە کە خەباتی ڕۆژانی ڕابردوو گەورەترین شۆڕشی کوردایەتی دەگێڕێتەوە کە بۆ یەکەمین جار کە شۆڕشێك هەڵگیرسابێت و توانیبێتی بگاتە ئامانج. گۆشەکانی ئەم کتێبە هەریەکەی بۆخۆی گەورەترین داستانە بەتایبەتی ئەو پاڵەوانانەی کە بەرامبەر گەورەترین حکومەتی زلهێزی ناوچەکە وەستابوونەوە، بۆیە پێویستە دەرهێنەرەکلنی کورد بە وردی ئەم کتێبە بخوێننەوە بۆ ئەوەی چەندین سیناریۆی قارەمانێتی لێهەڵێنجن.
دەستخۆشی لە نوسەری هێژا دەکەین کە گەورەترین خزمەتی بە کوردی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کردووە بۆ نوسینەوەو تۆمارکردنی هەموو ئەو بیرەوەریانەی لە دووتوێی (184) لاپەڕەی کتێبی گردارڕدا خستوویەتەڕوو.